*Journal of Language Studies* Vol.8, No.1, 2024, Pages (196-219)
DOI: https://doi.org/10.25130/lang.8.1.9

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Interfex according to morphology in Kurdish language

Kocher abdulmajed Huseen*
Salahadin University
Kocher.Husen@su.edu.krd
&
Dr. Rafiq Muhammed Mhedeen Shuani
Salahadin University
rafiq.shwany@gmail.com

**Received:** 19 /6 / 2023, **Accepted:** 31/ 7 /2023, **Online Published: 31/ 1/ 2024**

## Abstract

Language is an ever-changing entity that is constantly evolving and improving. As new ideas and concepts emerge, new words and terms are required to describe them. To create these new words and terms, language has various methods and techniques at its disposal, including the combination of existing words and concepts. One of the key terms in the process of combining words is "interfix", which is essential in creating many new words and terms.

This research aims to provide an explanation and discussion of the term "interfix" and its function as a method for combining and creating words. The study includes examples of interfixes [و ، ە] (in Kurdish) and their ability to combine words, as well as examples of

* **Corresponding Author**: Kocher abdulmajed**, Email:** Kocher.Husen@su.edu.krd
**Affiliation**: Salahadin University - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

words that incorporate interfixes. Additionally, the research explores the role of interfixes in morpheme words and their place in morphology.
This study comprises two main parts, in addition to the introduction, conclusion, and bibliography.
Part One of this study includes a discussion of several topics related to morphology, such as independent morphemes, combined morphemes, morphemes of grammar, and morphemes used for word-making, including prefixes, interfixes, and suffixes. The section also provides a definition of interfix, its nature, the way it appears, and how it differs from other similar concepts in terminology and morphology. Additionally, the study explores the distinction between ending (ى) and interfix (ى).
Part Two of this study focuses on interfixes in terminology, with a specific emphasis on (و ، ه) as examples of interfixes.
**Key Word :** interfixe, combination, combined Words, and Word making.

## الواسطة من جهة الصياغة الصرفية في اللغة الكردية

**طالبة ماجيستير. كوجر عبدالمجيد حسين**

**جامعة صلاح الدين**

**و**

**ا.د . ڕەفيق محمد محى الدين شوانى**

**جامعة صلاح الدين**

**المستخلص**

اللغة تتطوّر دائماً وتدخل فيها مفاهيم جديدة باستمرار، وكل هذه الأشياء تتطلب التسمية واستحداث المصطلحات. توفّر اللغة طرقًا عديدة لتكوين وتشكيل كلمات ومصطلحات جديدة، ومن بينها تكون طريقة التأويل من أكثر الطرق نشاطاً وإنتاجية. يُعد المساعد أحد الأدوات التي تُستخدم في هذه الطريقة، والذي يلعب دوراً هاماً في تشكيل العديد من المصطلحات والكلمات المركبة. في هذه الدراسة، يتم مناقشة المساعد وخصائصه باعتباره صامت تشكيل الكلمات، وذلك باستخدام الأمثلة التي تحتوي على المساعد (/–و– /، و/–ه–/).

وتم تحديد عدة أنواع من الكلمات المركبة، وكذلك الإشارة إلى علم المعاجم والدور المركزي الذي تحتله المورفيمات في الكلمات. تتألف هذه الدراسة من جزأين، بالإضافة إلى المقدمة والاستنتاجات وقائمة المصادر.

يتكون الجزء الأول من (المفردات، المورفيمات المستقلة، مورفيمات الجملة، مورفيمات الجمل النحوية، مورفيمات الجمل البنائية (بادئة، وسطية، لاحقة)، تعريف المادة الوسطية وتصريفها، خصائصها، ظهورها، التمييز بينها وبين مشابهيها، المفردات من خلال النحو، التمييز بين وسائل الإضافة والوسيط. يتكون الجزء الثاني من: الوسيط لغوياً (/–و– /، /–ه–/).

**الكلمات الدالة:** وسيط، اعتراض، تأويل، كلمة مركبة، تشكيل.

## ناوەندگیر لەڕوی وشەسازییەوە لە زمانی کوردیدا

**قوتابی ماستەر. کۆچەرعەبدولمەجید حوس‌ێن**

**زانکۆی سەڵاحەددین**

**و**

**پ.د ڕەفیق محمد محی الدین شوانی**

**زانکۆی سەلاحەددین**

**پوختە:**

زمان هەمیشە لەگەشەو گۆڕاندایە و بە بەردەوامی بیرو چەمکی نوێ دێنە ناو زمانەوە، هەموو ئەم شتانەش پێویستیان بە ناونان و دانانی زاراوە هەیە، بۆدابین کردنی ئەمەش زمان چەندین ڕێگەی هەیە بۆداڕشتن و پێکهێنانی وشەوزاراوەی نوێ، لەناویاندا ڕێگەی لێکدان یەکێکە لەڕێگە چالاك و بەبەرهەمەکان، یەکێك لەکەرستەکانی ئەم ڕێگایەش ناوەندگیرە، کەڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەداڕشتنی چەندین زاراوەو وشەی لێکدراو.

لەم توێژینەوەیەدا باس لەناوەندگیر و تایبەتمەندیەکانی کراوە، وەکو گیرەکێکی بەندی وشە داڕێژ، کەناوەندگیری (/-و-/، و، /-ە-/) بەنموونە وەرگیراوە، توانای ئەم دوو ناوەندگیرە خراوەتەڕوو لە لێکدانی وشەو پێکهێنانی چەندین جۆر وشەی لێکدراودا، هەروەها ئاماژە بەزانستی وشەسازی کراوە و شوێنی ناوەندگیر لەنێو مۆرفیمە بەندە وشە داڕێژەکان دیاریکراوە، ئەم توێژینەوەیە جگەلە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لەدوو بەش پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم پێکهاتووە لە(وشەسازی، مۆرفیمی سەربەخۆ، مۆرفیمی بەند، مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی، مۆرفیمی بەندی داڕشتن (پێشگر، ناوەندگیر، پاشگر)، پێناسەی ناوەندگیر، زاراوەکەی، تایبەتییەکانی، شێوەی دەرکەوتنی، جیاکردنەوەی ناوەندگیر لە هاوشێوەکانی، وشەسازی بەڕێگای ڕستەسازی، جیاکردنەوەی (ی)ئامرازی خستنەسەر، لە(ی)ی ناوەندگیر).

بەشی دووەم پێکهاتووە لە : ناوەندگیر لە رووی وشەسازیەوە ناوەندگیری ( /-و-/ ، /-ە-/).

وشە کلیلەکان:ناوەندگیر، گیرەك، لێکدان، وشەی لێکدراو، پێکهێنان.

پێشەکی:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (ناوەندگیر لە ڕووی وشە سازییەوە لە زمانی کوردی)یدایە، کەتیایدا ناوەندگیر وەك مۆرفیمێکی بەندی وشەداڕێژ` و بەبەرهەمی زمانی کوردی ڕووندەکەینەوە، هەروەها ئەوڕۆڵەی دەیبینێ لە بەرهەم هێنانی وشەی لێکدراو و زاراوە دەیخەینە ڕوو.

## هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

کاتێك سەیری وشەی زمانی کوردی بەتایبەت وشەی لێکدراوو زاراوەکانی دەکەین دەبینین لەپاڵ پێشگرو پاشگرەوە ناوەندگیریش ڕۆڵ ودەورێکی گرنگی هەیە و مۆرفیمێکی بەندی بەبەرهەمە،بەڵام وەکو بابەتی سەربەخۆ وبە زاراوەی دیاریکراو باسی نەکراوە، هەرچی لە سەرچاوەکان دەیبینین بەزاراوەی جیاجیاو تێکەڵ بە زاراوەی ئاستەکانی تری زمان ئاماژەیەکی کورتی پێکراوە یان هەرباسی نەکراوە، بۆیە بەپێویستمان زانی لە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆدا ڕۆڵی بەرهەمداری ئەم گیرەکە لەزانستی وشەسازی لە زمانی کوردی بخەینەڕوو.

رێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە وەسفی شیکارییە، کەرستەی لێکۆڵینەوەکەش زاری کوردی ناوەڕاستە، نمونەکانیش بەگشتی لە قسەی ڕۆژانەی خەڵك و نموونەی ناوکتێب و فەرهەنگەکانەوە وەرگیراون.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوە:

لێکۆڵینەوەکە بێجگەلە پێشەکی وئەنجام لەدوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم :تایبەتەبەناساندنی ناوەندگیروشوێنی لەناو مۆرفیمە بەندەکان:

1-1وشەسازی.

1-2-مۆرفیم.

1-2-1-مۆرفیمی سەربەخۆ.

1-2-2-مۆرفیمی بەند.

1-2-2-1-ڕێزمانی

1-2-2-2-داڕشتن (پێشگر ،ناوەندگیر،پاشگر)

1-3-پێناسەی ناوەندگیر.

1-4-زاراوەی ناوەندگیر.

1-5-تایبەتێتیەکانی ناوەندگیر.

1-6-شێوەی دەرکەوتنی ناوەندگیر.

1-7-جیاکردنەوەی ناوەندگیر لەهاوشێوەکانی.

1-7-1-وشەسازی بەڕێگای ڕستەسازی.

1-7-2-جیاکردنەوەی (ی)ی ئامرازی خستنەسەر لە(ی)ی ناوەندگیر.

بەشی دووەم:تایبەتەبە ڕۆڵی ناوەندگیر لەئاستی وشەسازی:

2-1-ناوەندگیری /-و-/.

2-2-ناوەندگیری /-ە-/.

بەشی یەکەم یەکەم

ناساندنی ناوەندگیرو شوێنی لەناومۆرفیمە بەندەکان:

بەرلەوەی بچینە سەر باسی ناوەندگیر تیشکێك دەخەینە سەر زانستی وشەسازی و مۆرفیم وجۆرەکانی و شوێنی ناوەندگیر لەئاستی وشەسازیدا.

1-1-وشەسازی:

وشەسازی ((زانستێکە لە وشە و مۆرفیمەکانی زمان دەکۆڵێتەوە)) (ڕەفیق شوانی، 2014، 26) یان ((وشەناسی بریتیە لە توێژینەوە لەبارەی پێکەوە تێکەڵ بوونی مۆرفیمەکان بۆ بەدیهێنانی وشە)) (سەعیدکەرەمی، 1396، 5). دەکرێ بوترێ کە زانستی وشەسازی، زانستی لیکۆڵینەوەیە لە مۆرفیم و وشە، بەتایبەتی وشەی ناسادە، کە لە ڕووی ڕۆنان و پێکهاتنەوە لێیاندەکۆڵێتەوە، هەروەها ئاستی وشەسازیش، ئاستی ناوەندی زمانە، واتە دەکەوێتە نێوان ئاستی ڕستەسازی و دەنگسازی.

1-2-مۆرفیم:

بریتیە لە ((بچوکترین دانەی واتاداری زمانە)) (ئەورەحمانی حاجی مارف، 2014، 34)، یان مۆرفیم ئەوەیە کە ((لە یەك یان چەند فۆنیمێك پێك بێت، خاوەنی واتا، یان ئەرکی سینتاکسی بێت)) (شیروان حسین،2014، 8)، دەبینین مەرجی سەرەکی بوونی مۆرفیم ئەوەیە کە واتادار بێت یان ئەرکدار بێت، هەروەها کەرت نەکرێ بۆ پارچەی بچوکتر لە خۆی وەکو (بەرد، ماڵ، ژن....)، دووجۆر مۆرفیمان هەیە ئەوانیش:

1-2-1-سەربەخۆ: ئەوەیە کە ((بەتەنها و سەربەخۆ بەکاردێت)) (خسرو فرشیدورد،1382، 125)، یان ((مۆرفیمێکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکاردێت، واتە مۆرفیمێکە دەوری وشەی هەیە، واتە وەك وشە پێویستی بە کەرەسەی تر نییە)) (ڕەفیق شوانی،2014، 228)، یانیش ((ئەو مۆرفیمەیە کە بەتەنها دەردەکەوێت و مانادارە)) (ئازاد ئەمین، 2021، 52)، واتە مۆرفیمێکە شێوەی سەربەخۆیە و بەتەنها بەکاردێت و واتای سەربەخۆی خۆی هەیە، کە دەکرێ بوترێ یەکسانە بە وشەی سادە.

1-2-2- مۆرفیمی بەند: مۆرفیمێکە کە ((بەتەنیا مانای نییە و سەربەخۆ بەکار نایەت و بە مۆرفیمێکی دیکەوە بەندە)) (لەیلا جەلیل، 2021، 56)، یان ((بەتەنهایی بەکار نایەن و لەگەڵ مۆرفیمی تر یان وشەی تردا دێن)) (خسرو فرشیدورد، 1382، 125)، مۆرفیمی بەند بە پێچەوانەی مۆرفیمی سەربەخۆ نە بەتەنها بەکاردێت و نە واتای سەربەخۆشی هەیە، بەڵکو کاتێك کە دەچێتە سەر مۆرفیمی سەربەخۆ واتای دەردەکەوێت، ئەمانیش دوو جۆرن، ئەوانیش:

1-2-2-1-مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕ: ئەم مۆرفیمە((گیرەك گەلێکن، کە وشەکان ئامادە دەکەن بۆ ڕۆڵ بینین لە پێکهاتەی ڕستەسازیدا، هەروەها توانای گەردانکردنی پێ دەدەن، لەبەر ئەوەی ئەم

گیرەکانە نە وشەی نوێ دروست دەکەن و نە پۆلی ڕێزمانیش دەگۆڕن)) (اکبر اسماعیل، 74،1384)، یان ((جۆرە گیرەکێکن ئەرکەکانیان ئاماژەکردنە بۆ پەیوەندییە ڕێزمانییەکان)) (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، 49،2006)، هەروەها ئەم جۆرە گیرەکە، کە دەچنە سەر وشە یان مۆرفیم گەردانی دەکەن و واتاکەی و پۆلەکەی ناگۆڕن، وەکو (نیشانەی کۆ، نیشانەی ناسراوی، نیشانەی نەناسراوی..... هتد).

1-2-2-2- مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ: ئەم جۆرە گیرەکە بۆ ((داڕشتن و پێکهاتنی وشە بەکاردێت، کاتێك دەچنە سەر وشە یان ڕەگ و قەد، وشەی نوێی لێوە پێکدێت)) (ڕەفیق شوانی، 2014، 134) ، یان ((بۆ دروستکردنی وشەی نوێ و بۆ ماناو مەبەستی نوێتر لە کاردان، واتە لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە ئەرکی داڕشتنی وشە دەبینن)) (لەیلا جەلیل،57،2021)، هەروەك دەردەکەوێت ، کە مۆرفیمی بەندی وشەسازی ئەرکی داڕشتن و پێکهێنانی وشەی نوێ بە واتای نوێ دەبینێ، هەروەها زۆرجاریش پۆلی ڕێزمانی وشەکەش دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە ئاوەڵناوەوە بۆ ناو یان بە پێچەوانەوە.


مۆرفیمی بەندی وشەسازیش بە پێی شوێنی جێگیربوونیان لەسەر مۆرفیمی سەربەخۆ و وشە و قەد و ڕەگ دەکرێن بە چەند جۆرێکەوە، کە لێرەدا ئاماژە بە سێ جۆریان دەکەین، کە لە زمانی کوردیدا زۆر کاراو بەبەرهەمن.

أ-پێشگر: ئەو مۆرفیمە بەندەیە کە ((بەسەرەتای وشەوە دەلکێت)) (علی سلطانی، 1376، 190)، یان (لە سەرەتای وشەوە زیاد دەبن و واتایان دەگۆڕن) (محمدجواد، 418،1372)، هەروەها هەر مۆرفیمێکی سەربەخۆ دەکرێ پێشگرێك یان زیاتر وەربگرێت.

ب- پاشگر: ئەو مۆرفیمەیە (( بە کۆتایی و بناغەی وشەوە دەنوسێ و ڕواڵەت و ناوەرۆکی وشە دەگۆڕێت و دەوری ڕۆنانی وشە دەبینێ)) (ئەورەحمانی حاجی مارف، 53،2014)، یان ((مۆرفیمێکە بە کۆتایی وشەوە دەلکێ)) (ابوالقاسم،55)، واتە ئەم مۆرفیمە شوێنی جێگیربوونی دواوەی وشەیە و ئەرکی ڕۆنانی وشەی نوێیە لەڕوی شێوەو واتاوە، هەروەها هەمیشە کە دەچێتە سەر وشەی سادە دەیکات بە داڕێژراو.

ج- ناوەندگیر: مۆرفیمێکی بەندە دەکەوێتە نێوان دوو مۆرفیمی سەربەخۆ و وشەی لێکدراو سازدەکات، لە تەوەرەی دواتر بە وردی دێینەسەر باسی.

-دەکرێ ئەو باسەی سەرەوە لەم هێڵکاریە بخەینە ڕوو.



پێشگر       ناوەندگیر       پاشگر

1-3-پێناسەی ناوەندگیر:

ناوەندگیر مۆرفیمێکی بەندە ((ئەرکی لێکدان دەبینێ و بەتەنیا مانا نابەخشێ، واتە دەبێتە هۆی لێکدانی دوو مۆرفیمی مانادار یان زیاتر، بۆ پێکهێنانی وشەیەکی نوێی لێکدراو، بۆ مانا و مەبەستێکی نوێی تر)) (ئازاد ئەمین، 2021، 73)، ناونانی ئەم مۆرفیمە وەکو پێشگر و پاشگر بە گوێرەی شوێنی هاتن و دەرکەوتنیەتی، کە نێوان دوو مۆرفیمی سەربەخۆیە، ((تەنیا ئەو ئامرازانەش دەگرێتەوە، کە دەچنە نێوان دوو مۆرفیمی سەربەخۆ و وشەیەکی لێکدراو دروست دەکەن، سەرباری ئەوەش مانا و چەمکێکی ڕوونیان نیە)) (شیروان حسین، 2014، 47)، هەرچەندە واتاکەیان ڕوون نیە، بەڵام کاتێك دەچنە سەر مۆرفیمی سەربەخۆ واتاکانیان ڕوون دەبێتەوە ((ئەو مۆرفیمە یاریدەدەرانەن، کە مانای خودییان نیە، بەڵام لە لێکدانی وشەدا هاریکاری دەکەن، ئەم جۆرە مۆرفیمانە، کە دەکرێ پێیان بوترێ مۆرفیمی پەیوەندی، لە وشەی لێکدراودا بەدی دەکرێن)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 2014،58)، وەك دەردەکەوێ، کە ئەم مۆرفیمە ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە ڕۆنانی وشەی لێکدراودا ((لەگەڵ مۆرفیمی سەربەست دەردەکەون، بۆ دروستکردنی وشەیەکی لێکدراوی تازە و دوو مۆرفیمی سەربەست لێکدەدەن)) (لەیلاجەلیل، 2021، 104)، لە پرۆسەی لێکدان مۆرفیمێکی بە بەرهەمە و زۆربەی وشە لێکدراوەکان بەهۆی ئەم مۆرفیمی ناوەندگیرەوە ڕۆدەنرێن هەروەها کەرستەی جۆراوجۆریش لێکدەدات ((دەکەوێتە ناوەندی وشەو ڕەگ وقەد ولێکییان دەدات و وشەیەکی نوێ پێکدەهێنێ)) (ڕەفیق شوانی، 2016، 223). لەم پێناسەو باسانەی سەرەوە دەگەین بەوەی، کە ناوەندگیر مۆرفیمێکی بەندە و واتایی سەربەخۆی خۆی نیە، بەڵام کە دەچێتە سەر مۆرفیمی تری سەربەخۆ چەندین واتای جۆراوجۆر دەدات، شوێنی دەرکەوتن و هاتنی دەکەوێتە نێوان دوو مۆرفیمی سەربەخۆی واتادار، یان واتادارێك و بێ واتایەك، بۆ پێکهێنانی وشەی لێکدراو، هەروەها مۆرفیمێکی پۆل گۆڕە،کە ئەرك و ڕۆڵی ئەم مۆرفیمە تەنها لە ئاستی وشەسازیدایە، ئەگەر بچێتە ئاستی ڕستەسازی ناو و ئەرکەکەشی دەگۆڕێت .

1-4- زاراوەی ناوەندگیر:

لە ڕووی زاراوەوە (ناوەندگیر) لە دوو بەش پێکدێت کە (ناوەند+گیر)ە، کە(ناوەند) بەواتای لەناوەندی دوو وشە یاخود دوو مۆرفیم، (گیر) ڕەگی چاوگی (گیران)ە، واتە گیردەبێ بەوشەیترەوە، واتە گیرەکی نێوان دوو مۆرفیمی سەربەخۆ.

1-5-تایبەتێتی ناوەندگیر:

1- ناوەندگیر مۆرفیمێکی وشەسازیە، واتە سەر بە ئاستی وشەسازیە.

2- لە ناوەندی دوو وشەوە دێن و ڕێگە بە هاتنی ناوەندگیری تر نادەن بۆ نێوانی دوو وشەکە، بەڵام ڕێگە بە هاتنی گیرەکی تری وەکو پێشگر و پاشگر دەدەن بۆ سەر وشەکان.

3- دەچێتە ناو پێکهاتەی وشەوە دەبێتە بەشێك لە وشەکە و وشەیەکی فەرهەنگی نوێ پێکدەهێنێ و وەك یەك یەکەی زمانەوانی سەیردەکرێت.

4- بەشە ئاخاوتنی جۆراوجۆر لێکدەدەن، وەکو ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار و کار.

5- جۆرە جیاوازەکانی وشەی لێکدراو بەرهەمدەهێنێت وەکو(ئیدیۆم و جووتەوشە و وشەی لێکدراوی ئاسایی).

6- مۆرفیمێکی پۆلگۆڕە، واتا ((گۆڕانی شێوە و واتا بەرپادەکات و پۆلگۆڕیشە، چونکە بە زۆری جۆری وشە و بەشە ئاخاوتن دەگۆڕێت)) (ڕەفیق شوانی، 2016، 222).

7- هەندێ لە ناوەندگیرەکان تایبەتن، واتە تەنها وەکو ناوەندگیر بەکاردێن وەکو (او ، ەو)، بەڵام ئەوانیتر هاوبەشن، واتە لە ئاستی ڕستەسازی وەکو ئامراز دەردەکەون و لە ئاستی وشەسازی وەکو ناوەندگیر، ئەوانیش ( ان/ام ، و ، ە ، ی ، بە ، لە، نا ، نە،تا ).

1-6-لە ڕووی شێوەی پێکهاتن و دەرکەوتنەوە:

بەزۆری شێوەی پێکهاتن و دەرکەوتنیان بە سێ جۆرە، ئەوانیش:

1-شێوەی پیتیان هەیە، واتە لە نوسیندا وەکو پیت دەنوسرێن وەکو (و ، ی ، ە).

2- شێوەی بڕگەیان هەیە لە دەربڕین و نوسیندا، وەك (ەو ، او ، ان).

3- شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆیان هەیە، واتە شێوەیان دەناسرێتەوە ئەمانە لە بنەڕەتدا ئامرازن، بەڵام لە هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی بەکاردێن، وەکو (بە ، لە ، نا).

1-7-جیاکردنەوەی ناوەندگیر لە هاوشێوەکانی:

تێکچڕژانی کەرستەکانی زمان و تێکەڵاوبوونی ئاستەکانی زمان، هەمیشە لە ئارادایە و بەردەوامی هەیە، بۆیە هەر بابەتێك بگری لە زمان دەبینی هاوشێوە و تێکەڵاوی لەگەڵ بابەتی تری زماندا هەیە، جا ئەو بابەتە لە ئاستەکەی خۆی بێت، یان لە ئاستەکانی تردا بێت. بۆیە جیاکردنەوە و پیشاندانی هەر دیاردەیەك لە دیاردەیەکی نزیك و هاوشێوەی پێویستی بەکنەو پشکنین و شارەزایی هەیە، ناوەندگیریش وەك هەر دیاردەیەکی تری زمانی نزیك و هاوشێوەیی لەگەڵ بابەت و کەرستەی تری زماندا هەیە، جا ئەو بابەت و کەرستانە لە ئاستی وشەسازیدا بێ، یان لە ئاستی ڕستەسازیدا بێ، هەندێ جار ئەم نزیکایەتی و لێکچونەیان وای کردوە، لەلایەن زمانەوانان و شارەزایانی زمانیشەوە تێکەڵی و سەرلێشێوان دروست ببێ، هەندێ کەرستە و بابەتیان بەهۆی ئەوە بووە، کەهەمان فۆرم و شێوەیان هەبووە، تەنها ئەرك و ئاستەکەیان جیاواز بووە، وەکو (ی)ی ئامرازی خستنەسەر لە ئاستی ڕستەسازی،نزیکی وتێکەڵی ناوەندگیرلەگەڵ کەرستەی تری وەکو ناوگریاخود ئامرازی بەستنی(و) وهەندێ کەرستەی تریش هەیە،بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژە بە(ی)ئامرازی خستنەسەردەکەین،بەرلەوەی بچینە سەرکرۆکی بابەتەکە ئاماژە بەقۆناغێکی گرنگی سازبوونی وشەی لێکدراو دەکەین بەم ڕێگایەی خوارەوە:

1-7-1-وشەسازی بە ڕێگای ڕستەسازی:

سازکردنی زاراوەو دروستکردنی وشەی نوێ ئەرکی وشەسازیە، بەڵام ئەگەر بێت و سەیری زۆربەی زاراوە و وشە لێکدراوەکان بکەین دەبینین لە بنەڕەتدا گرێن، گرێکانیش بەهۆی ئامرازەوە لیکدەدرێن و ئەرکی جۆراوجۆری ڕستەسازی دەبینن، بەڵام بە گواستنەوەیان بۆ ناو فەرهەنگ و گۆڕانی واتاو جێگۆڕکێی پارچەکانیان لە هەندێ فرێز لە ئامراز کەوتوون و بوون بە گیرەك ((هەندێك گیرەك هەن لە بنەڕەتدا ئامرازن لە زمانی کوردیدا، بەڵام کە لە ئاستی وشەسازی بۆ دارشتنی وشە بەکاربهێنرێن دەبنە گیرەك و لە ئامراز دەکەون)) (ڕەفیق شوانی، 2016، 41) یان ((چەشنێکی ئەو وشانە، کە دێنە ناو فەرهەنگەوە لە دوو مۆرفیمی واتادار یان زیاتر بەشێوەی

زنجیرەیی دروستبوون بەبێ یارمەتی مۆرفیمە سینتاکسیەکان بەشەکەی تریان مۆرفیمە سینتاکسیەکان لەگەڵ خۆیاندا دەهێننە ناو فەرهەنگەوە)) (هێمن سەڵاحەدین، 2015، 44).

کاتێك وشە بەم ڕێگایە دروستدەبێت پێی دەڵێن (وشەسازی بەڕێگای ڕستەسازی)، کە ڕێگایەکی بەبەرهەمەو ((یەکێکە لەو ڕێگا چالاك و بەپێز و بەرهەمانەی، کە لە گەشەکردن و پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا شوێن پەنجەی بە ڕوون و ئاشکرا دیارە، بەم ڕێگایە چەندین پێکهاتەی سینتاکسی سازێنراوی پێشوو بەرهەمهێنراونەتەوە)) (فاروق عومەر، 2013، 121)، هەروەها ئەم ڕێگایە بە (وشەبوون)یش ناودەبرێ ((گۆڕانەکە دەکرێ لە وشەی ئەرکییەوە بۆ وشەی فەرهەنگیش ڕوودات( پرۆسەی بە وشەبوون) )) (ساجیدە عەبدوولا و ڕەحیم سورخی، 2014، 104)، ئەم کردەیە دەکرێ بە پێچەوانەشەوە ڕوودات، کە بە (ڕێزمانی بوون) ناودەبرێت، کە تێیدا وشە فەرهەنگیەکان دەچنە ڕستەسازیەوە و ئەرکی ڕێزمانی دەبینن ((پرۆسەیەکە، کە لە ڕێیەوە یەکە فەرهەنگیەکان دەوری ڕێزمانی وەردەگرن)) (ساجیدە عەبدوولا و ڕەحیم سورخی، 2014، 107).

هۆکاری دروستبوونی وشە و زاراوەش لە ڕێگەی ڕستەسازیەوە بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە، کە بە بەردەوامی شتی نوێ و بیرو چەمکی نوێ دێنە ناو ژیان و زمانەوە، بۆیە پێویستیان بەوەیە ناویان لێ بنرێت ((هەمیشە چەمك و شتی نوێ پەیا دەبێ و دادەهێنرێ، هەر شتێکی نوێ، کە پەیادەبێ چ کەرەسەیی بێ، چ ئەندێشەیی بێ، لەگەڵ پەیابوونیدا ناوێکی لێ دەنرێ و زاراوەیێکی بۆ دادەنرێ)) (وریاعومەر، 2014، 7)، لەپاڵ ئەوەشەوە وشەسازی بەتەنها ناتوانێ ناو بۆ ئەم هەموو چەمك و شتە نوێیانە بەرهەم بهێنێ، بۆیە بە ڕێگای ڕستەسازی دروستدەکرێن ((زۆر جار لەبەر ئەوەی وشەی ئامادەکراوی ناو فەرهەنگمان بەرامبەر بە چەمکەکان نییە، لەبەر ئەوە لە سینتاکسدا وشەی بۆ دروست دەکرێ)) (هێمن سەلاحەدین، 2015، 44)، لێرەوە ئەوە ڕوونە کە ڕستەسازی ڕۆڵی گەورەی هەیە لە دروستکردن و سازکردنی وشە و زاراوەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان.

1-7-2- جیاکردنەوەی (ی)ی ناوەندگیر لە (ی)ی ئامرازی خستنەسەر:

وەك ئەوەی لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، بەهۆی ئەوەی، کە وشەسازی بەتەنها ناتوانێ ناو لەو هەموو چەمك و بیرو کەرستە نوێیانە بنێ، کە دێنە ناو زمانەوە، هەر لەبەر ئەمەیە کە ڕستەسازیش وەکو ئاستێکی باڵاتری زمان لە ڕێگەی گرێ و ڕستەوە بەشداریەکی چالاك و کارای لە ناونان لەشت و چەمکە نوێیەکان هەیە ((بەشداریکردنی بەرچاو لە پرۆسەی (ناونان)دا، یەکێکە لە ئەرکە هەرە گرینگەکانی وشە، بەلام لە سنوری دیاریکراودا، فرێز و ڕستەش لە توانایاندایە ئەرکی (ناونان) ببینن)) (فاروق عومەر، 2013، 119)، لێرەوە باسی ئەو گرێیانە دەکەین، کە بوونە بە وشەی لێکسیکی و وەکو یەك فۆرم و یەك واتا هەڵسوکەوت دەکەن و یەکسانن بە وشە و هێشتاش نیشانەی (ی) خستنەسەریان لەگەڵدایە و جۆرێك نزیکی و لێکچوونی لەگەڵ ئەو گرێ ئاساییانەدا هەیە، کە بەهۆی ئامرازی خستنەسەری (ی) دروستبوون ((نزیکی فرێز لە وشەوە لەو توانا و ئامادەییەدا دەردەکەوێت، کە وەك وەسیلە و ڕێگا بۆ ناونانی شت و مەك و دیاردە و ڕووداو و کوالیتی و تایبەتی بەکاردەهێنرێت، ئەمەش سروشتیە، فرێز خۆی دانەیەکی گراماتیکییە و لە هەمان کاتیشدا دەربڕی جۆرێکە لە چەمك، باگرانیش بێت، ئەمە لێهاتووی ڕەهای دانە فرێزەکانە، هەر ئەم تواناو لێهاتووییە لە خۆیدا، یەکسانبوونە بە وشە)) (هەمان سەرچاوە، 127)، هەروەها کاتێك سەیری ئەرکی گرێ دەکەین، دەبینین لە دوو ئاستی جیاوازی زماندایە ((ئەرکی فرێز دوو فاقیە، لایەکی لە سینتاکسدا بە کراوەیی ئەرکە جۆراو جۆرەکانی خۆی بەجێ دێنێت،

لایـەکی تـری بەشـداریکردنی بـێ شـومارێتی لـە پرۆسـەی ناونانـدا، کـە لـە کراوەییـەوە بـەرەو لێکسیکبون دەچێت، ئەوسا بـە قـایمکراوەی یەکسـان دەبێت بـە وشـە)) (هـەمان سـەرچاوە، هـەمان لاپەڕە)، جیاکردنەوەی ئەو جۆرە وشە لێکدراوانـەی کـە بـەهۆی ناوەنـدگیری (ی) دروست بـوون، لەگـەڵ ئـەو گرێیانـەی ئـامرازی خستنەسـەری (ی) دروسـتی کـردوون، کارێکـە کـە ئـاخێوەران و بەکارهێنەرانی زمان، لـەناو کۆمـەڵگا بڕیـاری لەسـەر دەدەن، کە ئایـە ئـەو گرێیـە بـووە بـە وشـە و وەکویەك فۆڕم و واتا هەڵس وکەوت دەکات یان نا؟، چونکـە لـە ڕێـی زۆری بـەکارهێنانی ئـەو دوو پێکهاتەیەوە و زۆر بەیەکەوە هاتنیان وادەکات ببن بەیـەك پارچـە ((بـە وردی جـەخت ناکرێتـە سـەر پرۆسە ڕۆنانییەکان، بەڵکو بە پێکهاتەی بوون، ئاماژە دەکات بـە پانتـایی بـەکارهاتنی (ڕۆنانێك) بـۆ کۆمەڵـەیـەك و چەسپانی وەك نـۆرم/ ڕێسـایەك، کـە لـە ڕێـی زۆری بەکارهێنانـەوە ئاسـایی دەبـن)) (ساجیدە عەبدوولا و ڕەحیم سورخی، 2014، 111)، کەواتە لەم قۆناغەدا، کە قۆنـاغی سـەرەتایە و تێیدا گرێ دەبێت بـە وشـە، شێوەی پێکهـاتن و ڕۆنـانی وشـەکە لەبـەرچاو نـاگیرێ، بـەڵکو پشـت دەبەسترێ بە زۆری بەکارهێنان و چەسپانی واتاکەی لەناو کۆمەڵگا، وەکـو وشـەیەکی خـاوەن یـەك فـۆڕم و واتـا، بـەڵام هێشـتاش لێـك جیاکردنـەوەیان کـارێکی ئاسـان نییـە ((هێشـتا بـۆ زۆر ئاخێوەرناوەکانی (شەقامی سالم، مزگەوتی گەورە، باخی بەختیاری، دەم وچاو، سەروپێ) هـەر وشەی لێکدراو نین، بەڵکوم یەکەی سینتاکسین، ڕێسای (یەك فۆرم + یەك واتا) یـان (یـەك فـۆرم + یـەك ئاماژەبەند) لێکدراویی نموونـەکان دەسـەلمێنن)) (محەمـەدی مـەحوی، 2021، 407)، بـەڵام ئەگـەر بـە وردی سـەرنج بدەین نموونـەی زۆرمـان هەیـە لـە وشـە و زاراوە کـە هێشتا (ی) خستنە سەریان پێوە ماوە ((هەندێ جاریش ناوی لێکدراو، لە لێکدانی ئیزافەی دیارخراو + ی + دیارخـەر پێکدێت بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك، وەك:- ...... جۆگەی هـەرس، ئەسـتێرەی بـەخت، ئاسمانەی دەم، کرمـی ئاوریشـم)) (ڕۆژان نـوری، 2013، 159-158)، دەکـرێ بڵێـین وشـەی لێکـدراو یـاخود زاراوەیەك کە لە گرێوە دروست بووە، پێویستی بە تێپـەڕبوونی کـات هەیـە، تـاوەکو ئامرازەکـەی لـەناوبچێ و پێکهاتـەو ڕۆنـانی وشـە و زاراوەکـە لـە پێکهاتـەو ڕۆنـانی گرێکـە دووربکەوێتـەوە و بەئاسـانی جیابکرێتـەوە و بناسرێتەوە، چونکـە نـاکرێ هـەر لـە سـەرەتاوە وشـە لێکدراوەکـە، یـاخود زاراوە دروست بووەکە لە گرێوە، ئامرازەکەی لابدەین، چونکـە بـۆ ئـاخێوەر و گـوێگرانی زمانەکـە نـامۆ و قـورس دەبێـت، بـەڵکو بـەهۆی زۆری بـەکارهێنان و تێپـەڕینی کاتـەوە ئامرازەکـە تیـادەچێ ((دروست نیـە ئێمـە لـە سـەرەتادا، بـەئاگایی نیشـانەی خستنەسـەری (ی) لابـدەین و وشـەی لێکدراو دروسـت بکـەین، بـەڵکو پێویسـتە ئـەم پرۆسـەیە بـۆ تێپـەڕبوونی کـات لـێ بگـەڕێین)) (علاءالـدین طباطبائی، 65)، بەڵام مەرجیش نیە بە تێپەڕبوونی کات هـەموو وشـە و زاراوەکـان ئامرازەکـەیان تیـابچێ، کـە نموونـەی لـەم جۆرەمـان زۆرە وەکـو زاراوەی (جۆگـەی هـەرس) و (ئـاوی سـپی)، هـەروەها لـە وتـاری (جێپەنجـەی فرێـزی بـە لێکسـیکبوو لـە پەرەسـەندنی فەرهـەنگی کوردیـدا) (پ.ی.د.فـاروق عومـەر) لـە باسـی (بەرهـەمی فرێـزی قـایمکراوی ئیزافـە) دا، چەنـدین وشـە وزاراوەی لێکـدراوی هەمـەجۆرو لـە بـواری جیاجیـا بـە نموونـە هێناوەتـەوە، بـەچاکمان زانـی هەنـدێکیان بخەینــە ڕوو، وەك: ((بەرهـەمی فرێـزی قـایمکراوی ئیـدیۆمی: ڕۆژی ڕەش، بـرای تەنگانە، درۆی شاخدار.... نموونەی بەرهەمی فرێزی نائیدیۆمی قایمکراو: جەژنـی نـەورۆز، نـانی تیـری، دانـی شـیری.... بەرهەمی فرێزی قـایمکراوی ئیزافـە کـە بـوون بـە زاراوە: نـاوی گشـتی، کلۆریدی سۆدیۆم، بۆری هەناسە، ئـاوی سـپی، خرۆکـەی سـوور....)) (فـاروق عومـەر، 2013، 136-139) لـەکۆی هـەموو ئـەم نموونانـە دەبینـین ژمارەیـەکی زۆری وشـە و زاراوەی دروست بوومان هەیە، بەهۆی ناوەندگیری (ی)، جیاوازی لەگەڵ ئامرازی خستنەسـەری (ی) لەوەدایـە، کـە لـە دوو ئاسـتی جیـاوازی زمانـدان، ناوەنـدگیر لـە ئاسـتی وشەسـازی و ئـامرازی خستنەسـەر لـە ڕستەسـازی، هـەروەها دوو ڕۆڵ و ئـەرکی جیـاوازیش دەبیـنن، کـە ناوەنـدگیر ڕۆڵـی لێکـدان و

دروست کردنی وشەی نوێ دەبینێ، ئامرازی خستنەسەریش ڕۆڵی خستنەسەر و دروست کردنی فرێزی جۆراوجۆر دەبینێ.

**بەشی دووەم:**

ناوەندگیر لە ڕووی وشەسازییەوە:

2-1- ناوەندگیری/ - و- /:

ئەم ناوەندگیرە ژمارەیەکی زۆر وشەی لێکدراو پێکدەهێنێ، کە بە جووتە وشە ناودەبرێن، پەیوەندی نێوان پارچەکانی ئەم جۆرە وشە لێکدراوە پەیوەندی تەواوکەرییە، یەکێك لە پارچەکان واتای ئەویتریان تەواو دەکات، یاخود هەریەکێك لە پارچەکان واتای سەربەخۆی خۆی هەیە، واتە پەیوەندی نێوان پارچەکانی دیارخەر و دیارخراو نیە ((هەریەك لە کەرتەکانی وشەکە ناتوانن ببن بەدەرخەر بۆ ئەوەی تریان و دۆخی ڕێزمانی نادەن))، (هێمن سەلاحەدین،2015،34) یان ((ئەم ناوە لێکدراوانەی دووناون و بەیارمەتی مۆرفیمی بەستێنەری /- و-/ پێکهاتوون لەم وشەیەدا دەرخەر و دەرخراو نین))، (هەمان سەرچاوە، 35) هەروەها پۆلە ڕەگەزی پارچەکانی وشە لێکدراوەکە بەزۆری یەك جۆرن، لە هەندێ باردانەبێت کە پۆلە ڕەگەزی پارچەکان لە یەکتر جیاوازن ((بۆ لەیەکدانی دوو وشە بەیارمەتی مۆرفیمی بەستێنەری /- و-/ لە پێکهاتەی سینتاکسدا بەزۆری دەبێت هەردوو وشەکە لەیەك پۆلە ڕەگەزی فەرهەنگی بن)). (هەمان سەرچاوە، 36)

یاساو شێوەی پێکهاتنی ئەو وشە لێکدراوانەی کە بەهۆی ناوەندگیری /- و-/ دروست دەبن بەم شێوەی خوارەوەیە:-

یەکەم/پێکهێنانی ناوی لێکدراو بە لێکدانی دووناو،بەهۆی ناوەندگیری / - و-/ بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- ناو + ناوەندگیری/- و-/ + ناو= ناوی لێکدراو

هێلکە + و + ڕۆن = هێلکە و ڕۆن

ئاو + و + هەوا = ئاو و هەوا

دەغڵ + و + دان = دەغڵ و دان

دوگمە + و + دۆلاب = دوگمە و دۆلاب

ماش + و + برنج = ماش و برنج

سەر + و + پێ = سەر و پێ

-ئەگەر لە ڕووی واتاوە سەیری هەندێ نموونەی تر بکەین دەبینین کۆمەڵێك وشەی تری لێکدراومان هەیە کە واتای پارچەکانیان نزیك یان هاوواتان، کە بەهەمان یاسای سەرەوە دروست بوون بەم شێوەیەی خوارەوە:-

ب - ناو + ناوەندگیری/- و-/ + ناو = ناوی لێکدراو

دەرد+ و + بەڵا = دەرد و بەڵا

پارە + و + پول = پارە و پول

بەژن + و + باڵا = بەژن و باڵا

دۆست + و + برادەر = دۆست و برادەر

نەخش + و + نیگار = نەخش و نیگار

دووەم/ پێکهێنانی ئاوەڵناوی لێکدراو، بەلێکدانی دووئاوەڵناو بەهۆی ناوەندگیری /-و-/ بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- ئاوەڵناو + ناوەندگیری/- و-/ + ئاوەڵناو = ئاوەڵناوی لێکدراو

پڕ + و + پوچ = پڕ و پوچ

بەرز+ و + نزم = بەرز و نزم

سارد+ و + گەرم = سارد و گەرم

نموونەکانی (پڕوپوچ ، بەرزونزم ، ساردوگەرم) ئەگەر سەیری پارچەکانیان بکەین دەبینین واتایان دژە، واتە دژواتان.

لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك نموونەی ترمان هەیە کە بەهەمان یاسای نمونەکانی سەرەوە سازکراون ؛ بەڵام واتای پارچە پێکهێنەرەکانی وشە لێکدراوەکە تەواوکەرییە و پارچەکان واتای یەکتر تەواو دەکەن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ب - ئاوەڵناو + ناوەندگیری/- و-/ + ئاوەڵناو = ئاوەڵناوی لێکدراو

گەرم + و + گوڕ= گەرم و گوڕ

برسی + و + تینو= برسی و تینو

پەرش + و + بڵاو= پەرش و بڵاو

پان + و + بەرین= پان و بەرین

پوخت + و + پاراو= پوخت و پاراو

تەڕ + و + تازە = تەڕ و تازە

ترش + و + تاڵ = ترش و تاڵ

کەڕ + و + لاڵ = کەڕ و لاڵ

سارد + و + سڕ = سارد و سڕ

هەروەها کۆمەڵێك ئاوەڵناوی لێکدراوی ترمان هەیە کە بەهەمان یاساو شێوازی نمونەکانی سەرەوەسازکراون ، بەڵام واتای پارچەکانیان نزیك یان هاوواتان وەکو ئەم نموونانە:

ج - ئاوەڵناو + ناوەندگیری/- و-/ + ئاوەڵناو = ئاوەڵناوی لێکدراو

پاك + و + خاوێن = پاك و خاوێن

ساف + و + لوس = ساف و لوس

پەرش + و + بڵاو = پەرش و بڵاو

پان + و + بەرین = پان و بەرین

لەڕ + و + لاواز = لەڕ و لاواز

گەڕ + و + گول = گەڕ و گول

بەهەمان یاسای (ئاوەڵناو + ناوەندگیری/- و-/ +ئاوەڵناو= ئاوەڵناوی لێکدراو)، کۆمەڵێك نموونەمان هەیە کە پارچەکانی ئاوەڵناولێکدراوەکە ناوی دوو ڕەنگە وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

شین + و + مۆر = شین و مۆر

سور + و + سپی = سور و سپی

زەرد + و + سور = زەرد و سور

ناوەندگیری/- و -/ جۆرێکی تر وشەی لێکدراوسازدەکات ،کەیەکێك لە پارچەکانی بێ واتایە، کە بە لێکدراوی ئاڵۆز ناودەبرێت ((لە دوو مۆرفیمی شێوە سەربەخۆی واتادار و بێ واتا یان بێ واتا و واتادار بەهۆی ئامرازەوە پێکدێن. گۆڕانی دەنگسازیش تیایدا ڕوودەدات (ڕەفیق شوانی،2014،192) مەبەست لەوەی کە گۆڕانی دەنگسازیش تیایدا ڕوودەدات، لە هەندێ لە نموونەکان پارچە بێ واتاکە بەهۆی گۆڕانی دەنگێك لە پارچە واتادارەکەوە دروست بووە، هەروەها ئەم وشانە بە جووتە وشەش ناودەبرێن، لەم نموونانە باسی هەرسێ جۆرەکە دەکەین، ئەوانیش:

مۆرفیمی واتادار + ناوەندگیری/- و-/ + مۆرفیمی بێواتا = جووتەوشە

ئاشقە + و + باشقە = ئاشقە و باشقە

خێر + و + بێر= خێر و بێر

ڕێك + و + پێك = ڕێك و پێك

هیچ + و + پیچ = هیچ و پیچ

تێر + و + تەسەل = تێر و تەسەل

گێل + و + وێل = گێل و وێل

ب- هەندێ وشەی لێکدراوی ئاڵۆزی تر یاخود جووتەوشەمان هەیە، کەبەهۆی ناوەندگیری/- و-/ لێکدراون، کە پارچەی یەکەمیان بێ واتایە. وەکو ئەم نموونانە:

مۆرفیمی بێ واتا + ناوەندگیری/- و-/ + مۆرفیمی واتادار= جووتەوشە

بڕ + و + بیانوو = بڕ و بیانوو

جڕ + و + جانەوەر = جڕ و جانەوەر

خاو + و + خێزان = خاو و خێزان

ج- دەستەی سێ یەم لەم جۆرە ئەو وشە لێکدراوانەن کە بەهۆی گۆڕانی دەنگسازی یەکێك لە پارچەکانی دووبارە بۆتەوە و ناوەندگیری/- و-/ لێکیداون. وەکو ئەم نموونانە:

بەلاش + و + حەلاش = بەلاش و حەلاش

بەتاڵ + و + حەتاڵ = بەتاڵ و حەتاڵ

ناز + و + نوز = ناز و نوز

ناوەندگیری/- و-/ جۆرێك وشەی لێکدراوی تر سازدەکات، کە بەدووبارەکردنی هەمان ناو و گۆڕانی دەنگی یەکەمی وشەی دووەم بۆ (م) پێکدێت، کە ئەم جۆرەشیان هەر لەجۆری جووتەوشە یان لێکدراوی ئاڵۆزە ((جۆرێکە لە وشەی لێکدراوی ئاڵۆز، کە وشەیەکی سەربەخۆیەو لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی بە گۆڕینی دەنگی یەکەمی وشەکە بۆ (م) پێکدێت))(ڕەفیق شوانی،2014، 193)

گوڵ + و + موڵ = گوڵ و موڵ

دار + و + مار = دار و مار

ئیش + و + میش = ئیش و میش

ئاو + و + ماو = ئاو و ماو

ئەم شێوە پێکهاتنە،بە تەنها ئەو وشانە ناگرێتەوە، کە خۆیان بە (م) دەست پێ دەکەن وەکو: (ماڵ ، مناڵ ، مار ، مەڕ....هتد) هیچ یەك لەم وشانە ناتوانین بەهۆی ناوەندگیری/- و-/ دوبارە بکەینەوە و وەکو نموونەکانی سەرەوە.

سێیەم- ناوەندگیری/- و-/ بەشداری لە پێکهێنانی جۆرێکی تر لە وشەی لێکدراو دەکات، کە لە دوو ئاوەڵکار پێکدێت و ئاوەڵکاری لێکدراو دروستدەکەن، وەکو ئەم نموونانە:

ئاوەڵکار+ ناوەندگیری /-و-/ + ئاوەڵکار = ئاوەڵکاری لێکدراو

بەر + و + دوا = بەر و دوا

سەر + و + خوار = سەر و خوار

ژێر + و + ژور = ژێر و ژور

بن + و + بان = بن و بان

چوارەم- ئەم ناوەندگیرە دوو کاری داخوازی لێکدەدات و جووتەوشە پێکدەهێنێ، وەکو ئەم نموونانە:

کاری داخوازی + ناوەندگیری /-و-/ + کاری داخوازی = جووتەوشە

بگرە + و + بەردە = بگرە و بەردە

مەمرە + و + مەژی = مەمرە و مەژی

بێنە + و + بەردە = بێنە و بەردە

پێنجەم-ناوەندگیری/- و-/ جۆرێك وشەی لێکدراو پێکدەهێنێ، کە یەکێك لە پارچەکانی (قەد)ە، و ئەویتریان (ڕەگ)ە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

هەڵس + و + کەوت = هەڵس و کەوت

وت + و + وێژ = وت و وێژ

ترس + و + لەرز = ترس و لەرز

هات + و + چۆ = هات و چۆ

شەشەم- ناوەندگیری/- و-/ هەندێ جار دوو چاوگ لێکدەدات و جووتەوشە دروست دەکات، وەکو ئەم نموونانە:

چاوگ + ناوەندگیری /-و-/ + چاوگ = جووتەوشە

گەڕان + و + سوڕان = گەڕان و سوڕان

خواردن + و + خەوتن = خواردن و خەوتن

هەڵسان + و + دانیشتن = هەڵسان و دانیشتن

حەوتەم-ناوەندگیری/- و-/ دوو ژمارەی بنجی لێکدەدات، وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

حەوت + و + هەشت = حەوت و هەشت

یەك + و + دوو = یەك و دوو

سێ + و + چوار = سێ و چوار

ناوەندگیری/- و-/ لە زۆربەی ئەونموونانەی ،کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد واتای لەیەکدەری هەیە و دوو وشەی هەمان پۆلە ڕەگەز لێکدەدات، جگە لە هەندێ باری تایبەت نەبێ وەکو نموونەکانی (دەست و برد) و (پرس و ڕا)، کەلەدوو پۆلە ڕەگەزی جیاوازن، هەروەها ناوەندگیرێکی زۆر کارایە و دەورێکی گرنگ دەبینێ لە سازکردن و پێکهێنانی چەندین جۆر وشەی لێکدراو و جووتەوشە.

2-2-ناوەندگیری/- ە -/:

ئەم ناوەندگیرەش وەکو بەشێك لە ناوەندگیرەکانی تر لە ئاستی ڕستەسازیدا وەکو ئامراز دەوری هەیە لە دارشتن و پێکهێنانی گرێ، هەروەها لە ئاستی وشەسازیشدا وەکو ناوەندگیر ڕۆڵێکی بەرچاو و فراوان دەگێڕێ لە پێکهێنانی وشەی لێکدراودا، هەروەها ئەم ناوەندگیرە بە زۆری لەو وشە لێکدراوانەدا دەردەکەوێت کە لە بنەڕەتدا گرێ بوون و ئامرازی خستنەسەری (ی) لە نێوان پارچەکانیاندا بووە، پاشان بە هۆی گۆڕانی گرێیەکە بۆ وشەی لێکدراو ئامرازەکەش گۆڕاوە بۆ ناوەندگیری/- ە -/.هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە ئەو وشە لێکدراوانەی بەهۆی ناوەندگیری/- ە -/ەوە ساز دەبن پەیوەندی دیارخەر و دیارخراوی لە نێوانیاندایە ((ئەو ناوە لێکدراوانەی بەیاریدەی /- و -/ و /- بە -/ سازبوون، کەرتەکانیان سەربەخۆن، واتە پەیوەندی دیارخەرو دیارخراوی لە نێوانیاندا نییە، بەڵام ئەوانەی بە /- ە -/ لێکدراون ئەو پەیوەندییە لە نێوان پارچەکانیاندا بەدیدەکرێت))، (ڕۆژان نوری،2013، 17) نموونەی ئەو وشە لێکدراوانەی بەهۆی ئەم ناوەندگیرەوە سازدەبن لە خوارەوە دەخەینە بەرچاو:

یەکەم سازکردنی ناوی لێکدراو،بەلێکدانی دووناو بە هۆی ناوەندگیری /-ە-/ ەوە.بەم شێوەیەی خوارەوە:

ناو + ناوەندگیری/- ە -/ + ناو = ناوی لێکدراو

بەرد + ە + نوێژ = بەردەنوێژ

کان + ە + خەڵوز = کانەخەڵوز

مانگ + ە + شەو = مانگەشەو

گوڵ + ە + گەنم = گوڵەگەنم

کوڵ + ە + پشت = کوڵەپشت

دووەم/سازکردنی ناوی لێکدراو،بەلێکدانی ناوێك و ئاوەڵناوێك،بەهۆی ناوەندگیری /-ە-/ ەوە.بەشێوەیەی خوارەوە:

ناو + ناوەندگیری/- ە -/ + ئاوەڵناو = ناوی لێکدراو

نان + ە + ڕەق = نانەڕەق

کەوڵ + ە + کۆن = کەوڵەکۆن

کێل + ە + شین = کێلەشین

شیو + ە + سور = شیوەسور

سێیەم- ناوەندگیری/- ە -/ ئاوەڵناوێك و ناوێك لێکدەدات و ناوێکی لێکدراو سازدەکات وەکو:

ئاوەڵناو + ناوەندگیری/- ە -/ + ناو = ناوی لێکدراو

ترش + ە + سماق = ترشەسماق

تەڕ + ە + پیاز = تەڕەپیاز

مزر + ە + سێو = مزرەسێو

شۆڕ + ە + سوار = شۆڕەسوار

کوڵ + ە + پیاو = کوڵەپیاو

-ڕەنگەکانیش دەورێکی گرنگییان هەیە لە سازکردنی ئەم جۆرە لە وشەی لێکدراوە،کە بەهۆی ناوەندگیری/- ە -/ لێکدەدرێن، وەکو:

سەوز + ە + گیا = سەوزەگیا

ڕەش + ە + با = ڕەشەبا

سور + ە + چنار = سورەچنار

شین + ە + شاهۆ = شینەشاهۆ

زەرد + ە + بەهێ = زەردەبەهێ

چوارەم- سازکردنی ناوی لێکدراوبەلێکدانی ناوێك و ڕەگی کار، بەهۆی ناوەندگیری /-ە-/ موە. بەم شێوەیەی خوارەوە:

ناو + ناوەندگیری/- ە -/ + ڕەگی کار = ناوی لێکدراو

گورگ + ە + زێ = گورگەزێ

کەروێشك + ە + خەو = کەروێشکەخەو

بەرد + ە + نوس = بەردەنوس

دەست + ە + سڕ = دەستەسڕ

بەرد + ە + شۆر = بەردەشۆر

پێنجەم-ناوەندگیری/- ە -/ ئاوەڵناوی لێکدراو سازدەکات بە لێکدانی ئاوەڵناوێك و ڕەگی کار. وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

ئاوەڵناو + ناوەندگیری/- ە -/ + ڕەگ = ئاوەڵناوی لێکدراو

بەرز + ە + فڕ = بەرزەفڕ

چاك + ە + خواز = چاکەخواز

سارد + ە + کوت = ساردەکوت

شەشەم-بەهۆی ئەم ناوەندگیرەوە دەکرێ ڕەگەزی گیانداران دیاری بکەین، وەکو:

ناو + ناوەندگیری/- ە -/ + ناو = ناوی لێکدراو

گۆڵە + ە + سەگ = گۆڵەسەگ

دەڵ + ە + سەگ = دەڵەسەگ

نێر + ە + کەو = نێرەکەو

هەندێ ناوی تری لێکدراومان هەیە کە ناوی گیاندار پێش ناوی ڕەگەزەکە کەوتووە و هەر بە ناوەندگیری/- ە -/یش لێکدراون ئەوانیش:

بەرخ + ە + نێر = بەرخەنێر

گیسك + ە + مێ = گیسكەمێ

حەوتەم-سازکردنی ناوی بکەری لێکدراو بەلێکدانی ناوێك وڕەگی کارو چەند پاشگرێك،بەهۆی ناوەندگیری/- ە -/ ەوە بەم شێوەی خوارەوە:

ناو + ناوەندگیری/- ە-/ + ڕەگی کردار+ (ەر) پاشگری ناوی بکەری+ پاشگر= ناوی بکەری

شیر + ە + خۆ + ەر + ە = شیرەخۆرە

سەر + ە + خۆ + ەر + ە = سەرەخۆرە

بار + ە + ب + ەر = بارەبەر

هەشتەم-ناوەندگیری/- ە -/ لە ئاوەڵکارێك و ناوێك، ناوێکی لێکدراو دروست دەکات، بەم شێوەی خوارەوە:

ئاوەڵکار + ناوەندگیری/- ە -/ + ناو = ناوی لێکدراو

بن + ە + باڵ = بنەباڵ

پشت + ە + سەر = پشتەسەر

بن + ە + ڕان = بنەڕان

نوك + ە + باڵ = نوکەباڵ

پشت + ە + پا = پشتەپا

نۆیەم-هەروەها ئەم ناوەندگیرە جۆرە ناوێکی لێکدراو ڕۆدەنێت، کە لە گرێ یان خستنەسەری لێکچوون (تەشبیهی) هاتووە، خستنەسەری لێکچوون یاخود (تەشبیهی)یش ((بەو خستنەسەرە دەگوترێ، کە چوواندن (مشبە) و بەو چوێندراو (مشبەیە) خستنەسەری یەك کراون))، (ساجیدەعەبدوڵا،2014، 36) لەم جۆرە خستنەسەرە مەرج نییە هەرچوار ڕەگەزەکەی لێکچواندن بێن، بەڵام لێچوو و لەوچوو دەبێ هەبن، نموونەکانی خوارەوە ناوی لێکدراون کە لەم جۆرە خستنەسەرەوە هاتوون. وەکو:

ناو + ناوەندگیری/- ە -/ + ناو = ناوی لێکدراو

ژەهر + ە + با = ژەهرەبا

شەکر + ە + سێو = شەکرەسێو

ئەسپ + ە + ژن = ئەسپەژن

وشەی (ژەهرەبا)، لە دەستەواژەی (بای وەکو ژەهر)ەوە هاتوە، کە بایەکی گەرمەو گڕەی لەگەڵدایە، کە سیمای هاوبەش لەنێوان بایەکەو ژەهرەکە لەناخۆشی و ئەزیەتدەریەکەیدایە، هەروەها ناوی (شەکرەسێو)یش لە دەستەواژەی (سێوی وەکو شەکر) هاتووە، کە سیمای هاوبەشی نێوان شەکر و سێو شیرینییەکەیانە، وشەی (ئەسپەژن)یش، لە دەستەواژەی (ژنی وەکو ئەسپ) هاتووە، کە سیمای هاوبەشی نێوانیان جوانی و شۆخ و شەنگیە. لەم دەستەواژانەی سەرەوە ناوەکانی (با، سێو، ژن) لێچوون و ناوەکانی (ژەهر، شەکر، ئەسپ) لەوچوون، بەتێپەڕبوونی کات ئەمانە بوونەتە وشەی لێکدراو،کە قۆناغی گۆڕانەکەیان لەڕستە ودەستەواژەی تەشبیهیەوە بۆ وشەی لێکدراو دیارنیە و لەئێستای زمانی کوردی بەئامادەکراوی وەکو وشەی لێکدراو بەرچاو دەکەون، کە هەردوو پارچەکەشی ئاماژە بۆ یەك فۆرم و یەك واتا دەکات.

دەیەم-ناوەندگیری/- ە -/ دەورێکی کاراو چالاك دەبینێ لە لێکدانی وشە دوپات بۆوەکان و پێکهێنانی چەندان وشەی لێکدراو، کردەی دووبارەکردنەوەی ناو یان ئاوەڵناو یاخود ئاوەڵکار بۆ پێکهێنانی وشەی لێکدراو بەهۆی ناوەندگیرەوە و بەتایبەت ناوەندگیری/- ە -/ برەوی زۆرە ((دوبارەکردنەوەی وشە لە زمانی کوردیدا برەوی زۆرە بۆ پێکهێنانی وشەی لێکدراو ئەمەش هێمای ئەوەیە، کە دەوڵەمەندبوونی زمان لە کەرستەی تێکبەستن و لێکدان ڕێگە خۆشدەکات بۆ هەمەجۆرکردنی وشەی دووپات)). (ڕۆژان نوری،2013، 166) ڕۆڵی ئەم ناوەندگیرە لە دارشتن و پێکهێنانی چەندین وشەی لێکدراوی دوپات بۆوە لە خوارەوە دەخەینە ڕوو:

أ-ئاوەڵناو + ناوەندگیری/- ە -/ + ئاوەڵناو = ناوی کرداری

سیس + ە + سیس = سیسەسیس

گێژ + ە + گێژ = گێژەگێژ

لات + ە + لات = لاتەلات

کرژ + ە + کرژ = کرژەکرژ

گەش + ە + گەش = گەشەگەش

کۆم + ە + کۆم = کۆمەکۆم

2- ڕەگی کردار + ناوەندگیری/- ە -/ + ڕەگی کردار = ناوی کرداری

شەل + ە + شەل = شەلەشەل

سوڕ + ە + سوڕ = سوڕەسوڕ

جول + ە + جول = جولەجول

لەر + ە + لەر = لەرەلەر

3- ناو + ناوەندگیری/- ە -/ + ناو = ناوی کرداری

دڵ + ە + دل = دڵەدڵ

سەگ + ە + سەگ = سەگەسەگ

کەر + ە + کەر = کەرەکەر

چاو + ە + چاو = چاوەچاو

4- لێکدانی ناوی دەنگە سروشتیەکان بە ڕێگەی دووپاتکردنەوە، لەبەرئەوەی ناوی دەنگە سروشتیەکان خۆیان کۆتاییان بە (ە) هاتووە، کاتێك بە ناوەندگیری/- ە -/ لێکدەدرێن، یەکێك لەم دوو (ە)ە تیادەچێ بەڕای زۆرێك لە نوسەر و زمانزانان، بەڵام ڕای منیش هاوڕا لەگەڵ (ڕەفیق شوانی) لام وایە بەهۆی هاوبێژی ئەم دوو بزوێنە دەبن بەیەك و وەکو یەك دەنگ گۆدەکرێن و بەیەکبونی دەنگ ناودەبرێ، واتە لەناوچوونی هیچ کام لە (ە) ەکان لە ئارادانییە، وەکو ئەمانەی خوارەوە:

ناوی دەنگە سروشتیەکان + ناوەندگیری/- ە -/ + ناوی دەنگە سروشتیەکان= ناوی کرداری

نوزە + ە + نوزە = نوزەنوز

قیژە + ە + قیژە = قیژەقیژ

باڕە + ە + باڕە = باڕەباڕ

مڕە + ە + مڕە = مڕەمڕ

خڕە + ە + خڕە = خڕەخڕ

-ئەگەر سەیری هەموو نموونەکان بکەین دەبینین (ە) کۆتایی ناوی دووەم لەناوچووە، ئەمەش بۆ ئاسانی و گونجانی دەربڕین ڕوویداوە.

- ناوەندگیری/- ە -/ جۆرێکی تری وشەی لێکدراو ڕۆدەنێت کە بە (لێکدراوی داڕێژراو) ناودەبرێت ((پێکهاتەیەکی ئەم جۆرە وشە لێکدراوانە بریتیە لە وشەیەکی داڕێژراو، واتە لە ناو وشە لێکدراوەکەدا گیرەکی وشە داڕێژ هەیە))، (ڕەفیق شوانی،2014، 19) ئەم جۆرە وشە لێکدراوانە لە زمانی کوردیدا زۆر بەرچاو دەکەوێت، کە یەکێك لە پارچەکانی وشە لێکدراوەکە، وشەیەکی داڕێژراوە، وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

وشەی سادە + ناوەندگیری/- ە -/ + وشەیەکی داڕێژراو

مەمك + ە + مژە = مەمکەمژە

ڕەش + ە + کوژی = ڕەشەکوژی

جاجك + ه + تاڵه = جاجكەتاڵه

سێو + ه + لاسوره = سێوەلاسوره

**ئەنجام:**

1-ناوەندگیرتەنها وشەی لێكدراوسازدەكات، كەدوو وشەی سادە لێكدەدات،بەپێچەوانەی پێشگروپاشگر،كەوشەی سادە دەكەن بە دارێژراو.

2-ناوەندگیری /-ە-/ناوەندگیرێكی چالاكە لەلێكدانی وشە دووپات بۆوەكان.

3-ناوەندگیری /-و-/تەنها جوتەوشە بەرهەمدەهێنێت.

4-ئەووشەلێكدراوانەی بەهۆی ناوەندگیری/-ە-/ دروست دەبن پەیوەندی دیارخەرودیارخراوی لەنێوانیاندایە، بەپێچەوانەی ئەو وشانەی بەهۆی ناوەندگیری/-و-/ دروست دەبن كەئەم پەیوەندیە لەنێوان پارچەكانیاندا نییە.

5-دەكرێ بوترێ ئەگەر وشەوزاراوە لێكدراوەكانی زمانی كوردی بكەین بەدووبەش،بەشێكیان بەهۆی ناوەندگیرەوە سازبوونە.

**سەرچاوەكان:**

**بە كوردی:**

**كتێب:**

-ئازاد ئەمین باخەوان، 2021، مۆرفیمەكانی (ە) لە دیالێكتی كرمانجی خوارووی زمانی كوردیدا، چاپخانە هێڤی، كەركوك.
- ئەورەحمانی حاجی مارف، 2014، وشەرۆنان لە زمانی كوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- سەعیدكەرەمی ، 1396، وشەناسی زمانی كوردی، پەخشانگای زانستگای كوردستان، سنە.
- ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، 2013، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی كوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- ڕەفیق شوانی، 2016، لێكۆڵینەوەی جۆراوجۆری زماننناسی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- ڕەفیق شوانی ، 2014، وشەسازی زمانی كوردی، كۆمەڵگای چاپخانەی داودی، كەركوك.
- لەیلا جەلیل عەباس دەلۆ، 2021، مۆرفیمەكانی(ێ) لە زمانی كوردیدا بەكەرەستەی كرمانجیی خواروو و ژووروو، چاپخانەی هێڤی، كەركوك.
- محەمەدی مەحوی، 2021، مۆرفۆلۆژی و بەیەكداچوونی پێكهاتەكان، چاپی یەكەم، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی.
- محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر، 2006، چەند لایەنێكی مۆرفۆلۆجیی كوردی، چاپخانەی روون، سلێمانی.
- یوسف شەریف سەعید، 2013، وشەسازی زمانی كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
**گۆڤار:**

- ساجیدە عەبدوولا فەرهادی و ڕەحیم قادرسورخی، پڕۆسەی بەوشەبوون (calization lexi) لە زمانی كوردیدا، گۆڤاری زانكۆی ڕاپەرین، ژمارە (1).

- ساجیده عەبدولاّفەرهادی، 2014، جۆرەکانی خستنەسەر(الإضافة) له زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژماره (29)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- فاروق عومەرسدیق ،2013، جێپەنجەی فرێزی به لێکسیکبوو له پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژماره (43).
- وریا عومەرئەمین، 2014، مۆرفۆسینتاکس وەك سەرچاوەیێك بۆ داڕشتنی وشه له زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمای کوردی، ژماره (29).

**نامەی ئەکادیمی:**

- شیروان حسین حمد، 2014، توانای مۆڕفیمی بەند له دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسدا، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی زانسته مۆرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
- هێمن سەلاّحەدین ڕەمەزان، 2015، پرۆسەو یاساکانی وشه دروستکردن له زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**به فارسی:**

**کتێب:**

- ابوالقاسم پرتور، نخستين دستور، نشراندیشه، تهران.
- خسرو فرشیدورد، 1382، دستور مفصل امروز، انتشارات سخن، تهران.
- علی سلطانی گرد فرامرزی، 1376، ازکلمه تاکلام(دستور زبان فارسی بەزبان ساده)، چاپ ششم، انتشارات هبتكران، تهران.
- محمد جواد شریعت، 1372، دستورزبان فارسی ،چاپ ششم،انتشارات اساطير،تهران.

**گۆڤار:**

- اکبر اسماعیلی شکوه، 1384، وندهای تصریفی و اشتقاقی زبان فارسی، مجله اموزش زبان وادب فارسی، شماره (74).
- علاءالدين طباطبائی، حذف نشانه اضافه در واژەسازی، فصل نامەء فرهنگستان، 1/12، پرتال جامع علوم انسانی.

## Sources:

1-Azad Amin Bakhawan, 2021, morfemakane (a) la dyalecte krmanje xwaruy zmani kurdeda, chapkhanay hevi, karkuk.

2- Aw Rahmani Haji Marf, 2014, wsharonan la zmani kurdeda, chapkhanay rojhalat, hawler.

3- Saeed Karami, 1396, wshanase zmani kurdi, pakhshangay zanstgay kurdstan, sna.

4- Rojan Nuri Abdullah, 2013, farhange zmanu zarawasazi kurdi, chapi duwam, chapkhanay chwarchra, slemany.

5- Rafiq Shuani, 2016, lekolenaway jorawjory zmannase, chapkhanay roshnbery, hawler.

6- Rafiq Shuani, 2014, wshasazi zmani kurdi, komalgay chapkhanay dawudy, karkuk.

7- Abdulwahid Moshir Dzeyi, 2013, wshasazi zmani kurdi, hawler.

8- Leila Jalil Abbas Dalo, 2021, morfemakani (E) la zmani kurdeda bakarastay krmanji xwaru u zhwru, chapkhanay hevi, karkuk.

9- Mohammed Mahwi,2021, morfolojey u bayakdachuni pekhatakan, chapi yakam, chapkhanay karo, slemany.

10- Mohammed Maroof Fatah u Sabah Rashid Qadir, 2006, chand layaneky morfolojey kurdi, chapkhanay roon, slemany.

11- Yusif Sharif Saaed, 2013, wshasazi zmani kurdi, chapkhanay haji hashm, hawler.

12- Sajida Abdullah Farhadi u Rahim Qadir Surkhi, prosay bawshabun (lexi calization) la zmani kurdeda, govari zankoy raparen, zhmara1.

13- Sajida Abdullah Farhadi, 2014, jorakani xstnasar (alezafa) la zmani kurdeda, govary academeay kurdi, zhmara29, chapkhanay haji hashm, hawler.

14- Farooq Omar Sadiq, 2013, jepanjay frezy ba leksekbu la parasandni farhangi kurdeda, govary zankoy slemany, zhmara43.

15- Wrya Omar Amin, 2014, morfosentaks wak sarchawayak bo darshtni wsha la zmani kurdeda, govary academay kurdi, zhmara(29).

16- Shirwan Hussein Hamad, 2014, twanay morfeme band la dawlamandkrdni farhang u raparandni arki sentaksda, namay dctora, fakalty zansta mrovayateakan, zankoy slemany.

17- Hemn Salahaddin Ramazan, 2015, prosau yasakane wsha drustkrdn la zmani kurdeda, namay mastar, skuly zman, zankoy slemany.

18- Abolqasem Pertor, nkhsten dastur, nashr andesha, tahran.

19-Khosraw Farshidwurd, 1382, dastur mufasal amruz, entesharat sakhn, tahran.

20- Ali Soltani Gard Faramarzi, 1376, az kalema ta kalam (dastur zuban farse ba zubane sada), chapi shashamh, entsharat habtkran, tahran.

21- Mohammed Jawad Shareat, 1372, dastur zuban farse, chapi shashamh, entesharat asater, tahran.

22- Akbar Esmaili Shkoweh, 2004, wndahay tasrefe u eshteqaqe zuban farse, mujala amuzsh, zuban u adab farse, shmara 74.

23- Aladdin Tabatabai, hazf neshana ezafa dar wazhasazi, fasl nama farhangstan, 1/12, prtal jamih olum ensani